## جوینی ڕۆژەکانی بێ ئاگا

بیرەوەری و
هزرەوەنەوشەییەکانتان
چی پێنەکردووم..!؟
ئاوێتەبوونی ئارەقەی لاجەنگ و
فرمێسکەکانی ژوورەکەئیب و
دوورلەئێوەی کارەکتەری
خەونەبێ کەسەکانم
کێ دەڵێ مودمینی گریانی نەکردووم..!
دوێنێم وون و
ئەمڕۆم خەم و
سبەی گازگرتن لەبیرکردنەوەو
دووسبەوڕۆژەکانی تریش
بەسوپای خێڵی ژانەوە
دیسانەوەبەڕێوەیە..
ئەوژیانەی ئێوەگەرەکتانە
من پێشمەرگایەتی بۆ دەکەم..
لاتان سەرابستان و
لایمنیش جوینی ڕۆژەکانی بێئاگا
لەچێژوبەختەوەری و
وێرانستان..
لەم نێوەندەتەنهائەشکەوتێکیش نیە
بۆبەکێوی بوونم
گەرهەبێت.. سواڵی بۆدەکەم
لێرەکێ هەیەبتوانێ
نازەکانم داپۆشێ..
بۆئەوەی لەم سەرمای شێتبوونە
وەدووری کا
ئاخر.. کێ..!!؟

ڕزگارکۆیی
ڕۆژنامەی(بێوار)
هۆڵەند..1999